# موقتەدا سەدریش هەر دژ بە کوردە

## ئەحمەد دەشتی

عارەب دەڵێن برینی خەنجەرو شیر پڕ دەبێتەوە بەڵام هەرگیز برینانی قسەو پەیڤ پڕ نابێتەوە و هەر دەمینێت، کاک موقتەدا سەدری باوک شەهید کراو زۆر بێ ویژدانانە دوا و ئەویش بۆچونەکانی خۆی خستە ڕیزی هەموو شۆڤێنیە عارەبەکان و ئەوانەی کا کەس نازانێ چۆن باوکیان ون کردو لە ناو برد بەڵم ئەمڕۆ وا هەمان قسەکانی دوژمنانی باوکی و کوردو کوردستانی کرد ئایەتوللا موقتەداش بەم قسانەی ئەمڕۆی سەدان برینی خستە ناو دڵی هەموو کوردێکی خاکپەروەر و دڵسۆز کە هەرگیز ئەو برینانە لە سەر جەستەی کورد پڕ نابێتەوە ، ئەویش بێ ئەوەی کە وەک مرۆیەکی ژیر قسەکانی خۆی بجوێتەوە و ئەوساکە دەری ببڕێت و بیرو ڕای خۆی بە رامبەر کەرکوک دەر بڕی،کە ئەم بیرو ڕایەشی هەمان ڕاستیەکانی ڕاستی دەروونییەتی کە ئاوا بەبێ ڕەچاو کردنێ هیچ ڕێزێک بۆ گەلی کوردو کوردستان دایە بەرێ و هەرچی کە دژ بە هەستی کورد بوو هات و دەری بڕی و ماهیەتی خۆی بە تەواوی ڕاگەیاندو بە هەموو ئەو کوردانەی کەوا تا ئەمڕۆ لەو کابرایە نەگەیشتوون و وا دەزانن کە خۆی خەلکەکەی دۆستی کوردن، ئەوا ئەویش شکاندو دژ بە گەلی کوردو کوردستان لە خەتی سور پەڕیەوە و بەرامبەر بە کەرکوکی دڵی کوردستان دژ بە هەموو کورد دوا و هەمان قسەکانی وەک باری عەتوان و سەلیم مەتەر و گەلێکی تری لە شۆڤێنیە عارەبەکان کردەوە،بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم جۆرە پەیڤانە هەمان پەیڤی سەدامیانن و ئەو دڕندانە هەر لە زووەوە ویستیان کە کورد بە زۆری زۆرداریان واز لە کەرکوک بێنێت و هاتن کەرکوکی دڵی کوردستانیان تەعریب کردو ئەو هەموو کارەساتانەیان بە سەر گەلی کوردو کوردستان هێناو بەڵام لە ئاکامەکاندا نەیان توانی کە هەستی بۆگەن و کارە ناڕەواکانیان دژ بە کورد هەتا سەر دابین بکەن، کاک موقتەدا سەدریش ئەو هەموو

کارەساتانەی لە بیری خۆی بردەوەو کە لە ڕابووردووو لەسەر کەرکوک بە سەر کوردو کوردستان هێندراوە هەرچەند کە من لە مێژە باوەڕم وایەو کە نەک هەر تەنیا ئایەتوللا موقتەدا سەدر ئاوا بیر دەکاتەوە بەلکو ئەمە ڕای زۆربەی هەرەزۆری هەموو ئەوانەیە کە ئەمڕۆ کورد وا دەستیان دەنێتە دەست و خەریکە دیسان بیان کەینەوە برا زەبەللاحەکانی دوێنی و دیسانەکە وا بە هەموو لایەکمانەوە خەریکین لە بەر ئەوان خۆمان لە یاد بەرینەوە و دەستیان دەخەینە ناو دەستیان و داوای ماف لەوان دەکەین کە مافمان پێ ببەخشن و ئەوەمان لە یاد خۆ بردۆتەوە کە کورد دەلێ ئەوەی لە مشک بێت هەمبانە دڕە ، لە گەل ئەوەش دا کە ئەوان زۆر بە ڕاشکاوی داواکانی گەلی کورد بەبێ چەندو چوون ڕەت دەکەنەوەو هەتا ئەمڕۆش دانیان بە زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی گەلی کورد نە هێناوە و من پێم وایو قەتیش دانی پیا نانێن  و ئەوان هەمیشە هەولی پیلان و دژایەتی کردنی کوردان دەدەن و دەیانەوێ کە کورد بێ هیز بێت و بە هیچ شێوەیەک نەتوانی بەرگری لە خاک و بوونی خۆی بکات هەر بۆیەشە بە پێشمەرگەی خەبات گێرو قارەمانەکانی کوردستان دەلێن میلیشیاکانی کورد دەبێ نەمینێن و حەل بکرێن !! چونکە ئەوان چاک دەزانن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کورد پارێزەرو بوونی کوردە ، ئەوان هەتا ئەمڕۆش  دانیان بە فیدرالی نەتەوەیی و جوگرافی کورد نەهێناوە و بۆشیان بلوێت هەرگیز دانی پێ نانێن و دەڵێن کەرکوک هەر کوردستان نەبووەو  قەت نابێ بە کوردستان و بۆ ئەوان باس کردنی کەرکوک خەتی سورە و ئامادن دژ بە کورد هاوکاریەکی تەواوی دەولەتی بێگانەی داگیرکەرانی کوردستان بکەن و لە گەل ئەوان پەیمانەکانیان تەنیا بۆ ئەوەی کە لە گەلی کورد بدەن بۆەیەکە دەست دەخەنە ناو دەستی داگیرکەرو دڕندەکانی ڕژێمی تورک و هەرۆژ مەرزەکان دەبەزێنن و پەنا دەبەنە بەر تورکان و عەجەمان و بە ڕاشکاوی پێیان دەڵێن کە ڕاکانیانان وەک ئەوانە  بۆ دژایەتی کردنی کوردو کوردستان و بە پەیڤی خۆیان دەڵێن کە ئەوانیش لە گەل تورک هاو ئامانجین و دژ بە داواکانی

گەلی کوردن لە بارەی کەرکوکەوە و کورد نابێ بڵێ کەرکوک کوردستانە و چونکە پێیان وایە کە کەرکوک کوردستان نیەو هەرگیز تەعریب نەکراوە و هەمان بۆ چونەکانی سەدمیان هەیە لە بەرامبەر کەرکوکەوە ؟ بیستمان کە ئەمڕۆ ئایەتوللا موقتەداش دەروونی خۆی خالی کردو دژ بە کورد فەرمووی با کورد واز لە کەرکوک بێنن چونکە ئەگەر واز نەهێنن عیراق پارچە پارچە دەبێت!!!

کاک ئایەتوللا موقتەدا سەدر دەیەوێ بەو قسە ژاراویەی خۆی کورد واز لە کەرکوکی دڵی کوردستانەوە بێنێت و بەم شێوەیە دژایەتی گەلی کرد بکات و ئاوا بدوێ و هیچ ڕێزێک بۆ هەست و بیری کوردو کوردستان دانەنا و ڕاستیەکانی دەروونی خۆی ئاشکرا کرد ، کاک موقتەدا سەدر دیارە کە هەزاران هەزار کوردی کە سەدام ئەنفالی کردن و کیمیا باران کراین و ئاوارەو دەربەدەر کراوان و بە سەدان هەزار گوندی خاپور کراو و بڕیاری جینو سایدی کردنی کردو هەموو کارەساتەکانی دوێنێکەی لە یاد خۆ بردۆتەوە و یاخود بە ڕاستیان دەزانێت کە لەلایەن خودی ئەو ئەو کەسانەی کە باوکی جەنابیان کەس نەیزانی چۆنیان لە ناو برد و ئەوئشیان وەک هەزاران هەزار کوردی بێ دەسەلات و خاک لی تەعریب کراو و ماڵ لی داگیرکراو و ون کراو بە شێوەیەکی زۆر نادیارەوە ونیان کردن و ئەو هەموو کارەساتانەیان بە سەر کوردستان هێنا و تەنانەت شووێنە پیرۆزەکانی ئەوانیشیان دایە بەر گوللە تۆپ و بە سەدانیان لێ کوشتن، لە یادی چوەتەوە کە گەلی کورد ئەو هەموو کارەساتانەی لە سەر شاری کەرکوکی کورد بوو کە هەر لە زووە بڕیاری تەعریب کردنیان دابوو ، بەڵام هەرگیز کورد وازی لە کەرکوکی دڵی کوردستانی خۆی نەهێناو ڕۆژێ لە ڕۆژان موساوەمەی لە سەر کەرکوک و بستێک لە خاکی کوردستانی خۆی دا نەکردو قەتیش کورد موساوەمە لە سەر خاکی کوردستان ناکات، تازە بە تازە موقتەدا سەدر وەک پیشەی خۆی دێتەوە مەیدان و دژ بە گەلی کورد دەپەیڤێت و بەردی پان پان پێ دا دەدات و پڕوشکان دەکات ، ئەو ئەوەی لە یاد خۆ بردۆتەوە کە هەرگیز کورد واز لە کەرکوکی خۆی

**ناهێنیت و کەرکوک بە دڵی کوردستان دەزانی و ئەگەر دڵیش نەبوو ژیان نابێت ، جا با جەنابی ئایەتوللا موقتەدا سەدر هەر شەکران بشکێنیٚ و چاک بزانێت کە قسەکانی تەنیا کاریگەریەتی لە سەر هەست بریندار کردنی کوردا هەیەوبەس ئەو دەبیٚ وەبیر خۆی بێنتەوە کە گەلی کورد کەرکوک بە بڕبرەی پشتی خۆیەوە دەزانێتو کەرکوک هەرگیز لە کوردستان جیا نابێتەوە، جا ئەو بۆخۆی چۆن بیر دەکاتەوەو داوای کورد بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی دایکی کوردستان دەبیٚ وەدی بێت و جا هەموو ئەوانەی کە وەک کاک موقتەدا سەدر بیر دەکەنەوە هەرچی دەڵێن با بیڵێن و هیچ کاریگەریەتیەکی لە سەر داوای کورد نیەو دەبیٚ بزانن کە کورد واز لە کەرکوک ناهێنێت و ئەم قسانەی موقتەدا سەدریش هەروەک کەفی سەر دەریای لیٚ دێت و دەڕوات ، هەرچەند ئەو پەیڤانە هەروەک بیرو بۆچون قسەکانی سەدامی دکتاتۆرە کە داوا لە کورد دەکات کە واز لە کەرکوکی دڵی خۆی بێنێت ، خۆ سەدامی تاوانبارمان بینی کە لە ئاکام دا تەنیا ڕووڕەشی بۆ مایەوە و بەو هەموو چەک و جبەخانەو کارخانەکانی چەکی کۆمەل کوژی و سیانیدو خەردەلی و بە زۆر تەعریب کردنی نەیتوانی کە هیچ بکات و وا ئەمڕۆ سەرشۆڕانە لە ناو چوو،هەرکیش کە لاسایی ئەو دڕندانە و شۆڤێنیانە بکاتەوە ئاکامەکانی ژیانیان دیارە بەرەو کویٚ دەچێت .**

**هەر سەرکەوتوو بێت خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بۆ سەندنەوەی کەرکوکی دڵی کوردستان و هەر بستێکی لە خاکی کوردستان کە داگیرو تەعریب کراوە .**

**نەمان و ڕوو ڕەشی بۆ هەموو ئەوانەش کە دەیانەویٚ لاسایی لە سەدام دژ بە کوردو کوردستان بکەنەوە.**29.3.2005